پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پرسیاری لێکرا سەبارەت بە (نوشرە - پوچەڵکردنەوەی سیحرێک بە سیحرکردنێکی تر)؟ فەرمووی: ئەوە لە کردەوەی شەیتانە

لە جابرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پرسیاری لێکرا سەبارەت بە (النُّشْرَةِ (نوشرة) - پوچەڵکردنەوەی سیحرێک بە سیحرکردنێکی تر)؟»، فەرمووی: «ئەوە لە کردەوەی شەیتانە».

[صەحیحە] [ئیبنوداود گێڕاویەتیەوە - ئەحمەد گێڕاویەتیەوە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پرسیاری لێکرا سەبارەت بە چارەسەرکردن بۆ کەسێک سیحری لێکرا بێت بە ڕێگایەک کە ئەهلی جاهیلیەت ئەنجامیان دەدا، ئەویش بریتی بوو: لە هەڵوەشاندنەوەی سیحر بە سیحر کردنێکی تر، حوکمی ئەمە چییە؟ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- وەڵامی دایەوە بەوەی: کە ئەمە لە کردەوەی شەیتانە یان لە لایەن شەیتانەوە جێبەجێدەکرێت، چونکە ئەمیش جۆرێکە لە سیحرکردن وبەکارهێنانی ڕێگاکانی شەیتانە وئەم کارە شیرکە وحەرامە. بەڵام جۆرێک لە (نوشرە - النُّشْرَةِ) هەیە کە دروستە ئەویش بریتیە لە پوچەڵکردنەوەی سیحر بە ڕوقیەی شەرعی یان بە گەڕان بە دوای سیحرەکە وهەڵوەشاندنەوەی بە دەست لەگەڵ خوێندنی قورئان یان پوچەڵکردنەوەی بە دەرمانە ڕێگا پێدراوەکان.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/3402